# هەڵەبجە ، دوکانە یان بنکەی بازرگانی...؟

محەمــەدی کــەریمی
ڕۆژنامە نووسی سەر بەخۆ

کاتە ناسک و تەسکەکەکانی چاوەڕوانی هەڵەبجەی شەهید و هەمیشە زیندوو ،واخەریکــە بەرەو کۆتـایی دەچێت. سەددام لە سەددام و تەپکــەی ئاڵۆز و پێچەڵاوپێچی تاریک و باریک هاڵاوە. منالانی چاوگەشی هەڵەبجەیش چاوەڕوانی هیممەتی هەمەلایەنەی گشتین.

وتار ودەنگ وباسی راگەیاندنەکانی کوردی ،بێدەنگبــوونی بیروڕای گشــتی دەخەنە روو ،لە ئاست ئەو مەترسییەی کە هەڕەشە لە دەستکەوتەکانی هەڵەبجەی شەهید وسەربەرز دەکەن. ئەمڕۆژ و ئەم مانگانە کاتــی داد ودادسەندنەوەی هەڵەبجەیە. هەر کەس و هەر لایەنێکی کوردی کارێکی لە دەست دێت وسەبارەت بە هەلەبجە نایکات. بە بێگومان مێژوو وگەل و وڵات و نەوەکانی داهاتوو ،نەک بەباشی وبە دڵخۆشی یادیان ناکــەنەوە ،بەڵکو زۆر بە تاڵی وبە ناخۆشی وە بیریان دەهێنــەوە.

حیزبە سیاسییەکان زیاتر وەک دوکانێک هەڵەبجە بە کار دەهێنن وبازرگانی پێوە دەکەن.

ئەمە گوتەی بەر پرسی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینوسایدی گەلی کورد (چاک)ە کە لە هەفتەنامەی نێوەند ژمارە 11 رێککەوتی2005/1/2 ولە وتووێژ لە گەڵ کاک عەلی مەحمود بەرپرسی (چاک)دا بڵاو کراوەتەوە.
هەر لەمبارەیەوە ولە کوردستان نێتی رۆژی 14 / 12 / 2004 و بە قەڵەمی هیشــام ئاکرەیی (ڕێکخراوە بەربووکەکان وگرتنی تاوانباری هولندی و...!)وسێ وتار وراگەیاندراوی بەلگەیی وەک دیکۆمێنت پەیوەستی ئەم نووسینەیە ولە ڕێککەوتی 31 / 10 / 2004 یش وسەر لەنوێ و لەبارەی رێکخراوی چاک پرسیار و وەڵامی ورووژاندووە.لە15 / 12 / 2004 ئاگادارکردنەوەیەکی رەسمی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن وجینۆسایدی گەلی کورد(چاک) لە ژێرناونیشانی ئاگارکردنەوەیەک بۆ ئەو لایەنانەی دەیانەوێت (سو وئیستیفادە لە گرتنی گومانلێکراوی هۆڵەندی بکەن و....تێــکرای ئەمانەیش لە کوردستان نێتدا بڵاوکراونــەتەوە ولە نوێترین ڕاگەیاندنی رێکخراوی (چاک ) کە لەرێککەوتی 1 /1 / 2005 ولە سایتی دەنگەکان بڵاو کراوەتەوە ،هەرکام لەم وتارو ڕاگەیاندنانە ،سەرنجی گشتی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن وگەر بە جوانی لێیان وورد ببینەوە. دەبینین ودەیخوێنینەوە کە تێکرای ئەم نووسینانە هاواریان لێ بەرزدەبێتەوە وبە گشتی پێمان ئێــژن :
جەمگەلێکی کەم خاتر و خاترجەم وا خەریکی ســەمای تەم وخەمی سیحراوین بە دەور وبەری فایلی گشتی وجیهانی هەلەبجەدا و تۆبڵێــی هەڵەبجەی سالاری هەموو شەهیدانی هەر دووجیهانی دیار و نادیار هێنــدە بێکــەس و حکومەتەکەیشی وەها بێدەر وپەیکــەر بێت،کە نەیــارانی دەرەکــی وناحــەزانی ناوەکــی بتــوانن دیسانەوە ولە مەیش زێتــر زوڵمی لێبکــەن.! مرۆڤ بــڕوا ناکات.

لە مەملەکەتی لە خوابێ خەبەران و لە وڵاتگەلێکی دوور لە یاسا وشەرع ،هەر کەسەو زوو لە خەو هەستا ،ئەو رۆژە ئەوحکومەت دەکات.؟؟ تۆ بڵێی لە مەملەکەتی ئێمەی بێ مەملەکەتیش ڕەسم ورسوومی قانونی شــەرع ویاسای دین وئایدئۆلۆژی ئاوا ،کەس بە کەس و فــڕێن فــڕێن بێت.؟

هەلەبجە ،شەهیدی هەر وڵاتێکی دیکەی دنیابایە ،لە مێژ بوو ببوو بە بەربووکی ئازادی گشت گەلانی مەزلوومی جیهان.

تاوانی گەورەکانمانە کە نازانن چلۆن وچۆن خۆیان و خۆمان بەگشــتی و بەجــوانی و وەک خۆمان چۆن وچلۆنین بناسێنن. هەربەو جۆرەی کە هەیــن .نە زیــادە ونــە کـــەم. ئێمە گەلێکی مەزلووم و زوڵملێکراوین. هەڵەبجە گرنگترین وپڕبایەخترین بەلگەی ئەم ئیدعایەیە.

هەلەبجە گۆچان و عەسای یاسایی وشەرعی کوردە لە گشت جیهانی مرۆڤی وتەنانەت لە جیهانی دیپلۆماسییەتیشدا برەوی هەیە. با حکومەتی کوردستان بیرلەو گرنگییە بکاتەوە و وەک پڕۆژەیەکی بەهرەمەند وپڕسود لێکیداتەوە و گەڵاڵەی قورس وگران وقایم و پڕمایەی بۆ بهۆنێتەوە. بە بێگومان هەموو بەرهەمێکی هەلەبجە بەهرە وسود وقازانج وبەرژەوەندی گشتی لێدەبێتەوە.

گەر جیهان بە گشتی گوێی لە هاواری کورد نییە وئەم هەمووە ئەنفال و بێ سەرو شوێن و ماڵوێرانی و دەربەدەری کورد نابیسن ونایبینن ،یان بە ئەنقەست خۆیان کەڕ وکوێر دەکەن بۆ ئەوەی نەیبیسن ونەیبینن ،هەڵەبجە ئاوێنەی تەواو نوێنی بەڵگەیەکی مێژوویی و مرۆڤی هەمیشە زیندووە و هەڵەبجە بەرگری لە مان و نەمانی کورد دەکات لە ئاستی تەنانەت ویژدانی جیهانی مردوویشدا. هەڵەبجە لە ئەرشیڤی گشت کتێبخانە میللییەکانی سەرتاپای جیهانی پێشکەوتەدایە وهەڵەبجە شاهیدێکی زیندووە و شەهیدێکە کە قەت نامرێت. مەزلومێکی تاپۆ کراوە وبە مێژووی مرۆڤ ومرۆڤایەتی ئەسپێردراوە.

خەبات وتێکۆشانی گشت ئەو کەس ولایەنانەی کە دلسۆزانە بۆ وەدەستهێنانی مافی رەوای شەهیدانی سورخەڵاتی گەل وولاتێک هەول و هیممەتی خۆیانی لە سەر دادەنین هەموو بەگشتی جێگەی ڕێز وحورمەتی تایبەتین و گشت ئەو پەیام وئاگەدارکردنەوانەی هەرکام لەو پەیامانەیش خۆی لە خۆیدا پەیامهێنەری ڕاستییەکانی هەڵەبجەی کاتی وداهاتووە. پێویستییان بە سەرنجە و نیازمەندی پاڵپشتی گشتیین.

ئەو هەناوە پیسانەی کە بە ناسەلامەتی ولە دەور و بەری هەلەبجە دەخولێنەوە ئەشێ دور بخرێنەوە.

بەرگری لە هەڵەبجە ئەرکی سەر شانی هەموو کوردێک وهەر مرۆڤێکی مرۆڤدوست ودڵپاکە.
هەڵەبجە سەرچاوە وماکەی زانیاری گرنگە و بە کەڵکە. هەڵەبجە روونکەرەوەی زۆر هەڵوێست ومەبەستی تاریکە و چی هەستی پیس و ناپاکە ئەشێ لە فایلی هەلەبجە و لە کەیسی مەحکەمەی واقیعی سەددام دور بخرێنەوە. هەموو ئەو دەست ومێشکانەی کە لە شەهیدکردنی هەڵەبجەدا رۆڵی تاوانیان گێراوە ئەشێت بناسرینەوە و بە پێی یاسا وەڵامی ئەم تاوانە گەورەیە بدەنەوە.

هەڵەبجە هێزی باسکی گەل و وڵاتێکە، ڕەمزی مەزلومییەت و ڕەنجی شەهیدانی شارێکە کە بە ژاری کیمیاویی مۆمیایی کراوە. جنایەتێکی بێ وێنەیە لە رووی جیهاندا.
با لەسالیادی هەلەبجەی **2005** دا تراژیدیای دڵتەزینی ئەو جنایەتە وەبیر گشت جیهانییەکان بێنینەوە و ویژدانە زیندووکان ببزوێنینەوە. دنیای مرۆڤایەتی وەخەبەربێنێنەوە. کە هەڵەبجە هێشتەکانێ و ئێستەکەیش مەزلومە وبەو مەزلومییەتەیشەوە هەر وا زوڵمی لێدەکرێت.!

وەرن ،با نەهێڵێن لە مە زێتر زوڵم لەو مەزلومە مێژووییە بکرێت. مناڵانی چاوگەشی هەڵەبجەی شەهید چاوەڕێی هیممەتی هەموو خوشک وبراکوردەکانی خۆیانن لە سەرتاپای کوردستانی مەزلوم و لە گشت جیهانا.